




## دروستکردنی دووگمە لە Fireworks

لەم وانەیەدا هەوڵ ئەدەم ڕوونی بکەمەوە کەچۆن دەتوانیت بەڕێگای ئەو پرۆگرامەوە دووگمەیەک بۆ ماڵپەڕەکەت یان کارێکی تایبەت بەخۆت درووست بکەی هەرچەندە کاک ئاسۆی نادری باسی لەدروست کردنی دوگمە کردوە لە فۆتۆشۆپ دا. پاش دەستخۆشی. بابزانین لەفیروۆرکسدا چۆنە؟
ئێستا بابزانین لەم پرۆگرامەدا چۆن دەکرێت هەنگاو بەهەنگاو.
تێ بینی/ من Fireworks mx 2004 وەشانی ئەڵمانی بەکاردەبەم هیوام وایە لەڕێگای وێنەکانەوە بۆ ئەو بەڕێزانەی لەدەروەی ئەڵمانیان سوودی لێ ببینن.

1. هەڵدەستین بەکردنەوەی کارێکی تازە بە پاشبنەمای سپی(من پانی و بەرزی 200 پیکسلم هەڵبژاردوە لای جەنابتان لەوانەیە بگۆڕێت).




2. پاشان دەچین بۆ ئامرازەکان لە وێ چوار گۆشە هەڵدەبژێرین.




3. هەڵدەستین بەکێشانی پارچە چوار گۆشەکە.



4. ئیستا بڕۆ بۆ بەشی ئیفێکتەکان وەک لەوێنەکەدا دانراوە .




5. ئەم نرخانە بدە بەو گۆڕانکاریەی کە کردووتە لەسەر چوار گۆشەکە(گۆشە 90 پلە تێکەڵی ڕەنگ 10 ڕێژەی هەردو ڕەنگ پێکەوە % 75 بەرزو نزمی کاریگەریەکە 20)




6. ئێستا بڕۆ بۆ بەشی قوڕنەکان هەر لەکاریگەری ئیفێکتەکان هەیە وەک ئەم وێنەیەی لای خوارەوە.




7. پاشان هەڵسە بەم گۆڕانکاریانە دەتوانی لەڕێگای نرخەکانەوە بیکەیت وە بەدەستیش دەتوانیت دەستاکاری بکەیت(من هەردو نرخەکەم واداوە تۆ دەتوانیت بگۆڕیت هاوردە 66 دانەوە 192).




8. پاشان هەمان خاڵی 6 بکەرەوە بەڵام ئەو جارە نرخەکان بگۆڕە بەم شێوەیە( هاوردە 34 دانەوە 189)




9. ئێستا بڕۆ بۆ بەشی ئیفێکتەکان لەوێ ئەم گۆڕانکاریە هەڵبژێرە.



10. پاشان لەبەشی ئیفێکتەکان ئەم گۆڕانکاریە هەڵبژێرە بۆ جوانکاری سێبەرەکانی دوگمەکەت.




11. پاشان ئەم نرخانەی بدەرێ (ڕێژەی هەردوو ڕەنگ65% تێکەڵبونیان 10 گۆشەکە 270 پلە پانی وبەرزی ڕەنگ لەسەر دووگمە 7).
ئێستا بڕۆ سەیری کارەکە بکە بزانە بەم شێوەیە دەبێت دەرچێت.



بەهیوای ئەوەی مەبەستم پێکا بێت

27 Oct 2005 نووسەر سیامەند

3 بۆچوون

هەموو مافەکان پارێزراوە بۆ وێبگەی فایرووۆرکس بە کوردی